# ئەوەی سوود لە هەڵەکانی مێژوویی وەرنەگرێ توشی هەمان هەڵە دەبێتەوە

عەبدولخالق سەرسام

ئاین یەکێکە لەبنەماکانی دروستبوونی نەتەوە، بەڵام کورد لەگەڵ نەتەوە داگیرکەرەکانی دەورووبەری یەك ئاینە کە لەبەرژەوەندی بەهێزە بۆ توانەوەی بێ هێز بەناوی یەك ئاینی و یەك نیشتیمانیەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە وەك ناسنامە زمان و مێژوو خاکە وەك ناسنامەی نەتەوەیی بۆ دروستکردنی کیانی سەربەخۆ، لەکاتێکدا کە بنەماکانی دیکە وەك جل و بەرگ و نەریتە تایبەتیەکان لەنێو شەپۆلی جیهانگەرایەتی دەتوێتەوە.. کەواتە مێژوو و زمان دوو فاکتەری سەرەکین بۆمانەوە لەلامان ئاشکرایە کە گرینگیەکی تەواو بە زمان دراوەو بەسەدان رۆژنامەو گۆڤار دەردەچێ و لە قوتابخانەکان بەزمانی کوردی دەخوێندرێ لەوپارچە رزگارکراوەی کوردستانی خواروو یان خوارووی کوردستان ..... بەڵام مێژوو خوێندنەوەو مێژوو نووسینەوە هەر لەسەرەتا دایە.. سەرەڕای ئەوەی کە بەدەیان کتێبی مێژوویی لەبازاردا بەرچاو دەکەوێ، بۆی هەیە یەکێ بپرسێ کەواتە بۆ دەڵێین مێژوو نووسینەوە لەلای کورد بایەخی پێنەدراوە لەوەڵامدا دەڵێین.. ئەم کتێبانە ... هەریەکەو هەزار دانەیەکی لێ چاپ دەکرێ و ناگاتە دەست هەموو کورد لەلایەکی دیکە نووسینەکانیش تاکو ئێستا بەشێوەیەکی کۆکردنەوە نەك شیکاری نووسراوەتەوە بەهۆی ئەو سەرچاوانەی بێگانەو دوژمنان نووسیانەتەوە.. بەبێ ئەوەی تاوتۆ بکرێ و بەبێ ئەوەی ڕاست بکرێتەوە .... یەکێ لەهەرە خاڵەکانی گرینگی مێژوو نووسینەوە رێگای ئەکادیمیەتوو زانستیی گرتنەبەرە ئەمەش بەرەو هەڵەیەکی گەورەمان دەبا کاتێ ئەم ئەمانەتە عیلمیە لەگەڵ بیروڕای مێژوو نووسە شۆڤێنیەکەی بێگانە بەکار دەهێنین و تووشی هەمان هەڵە دەبینەوە کە ئێمە دەیخەینە قاڵبی زانستیەت ئەو هەڵەیەی کە مێژوو نووسە کەتێی کەوتووە .. یان بە ئەنقەست نووسیوەتیەوە.. بۆیێ لێرەدا ئێمە خوانەخواستە ناڵێین لە خۆمانەوە بەسۆزێکی دوور لە زانستی مێژوومان بنووسینەوە بەڵکو داوا دەکەین بەهۆی لاپەڕە روونەکانی کە شوێنەوار و پاشماوەکانی دەماندات دەست مێژوومان لەهەڵەی ئەو مێژوو نووسانە پاك بکەینەوە یان بەهۆی تاوتۆکردنی ئەو چیرۆك و زانستیانەی لەلای خەڵکی ناوچەکانی کوردستان هەیە بەراوردی بکەینەوە بەڵکو راستیەك دەکەوێتە دەستمانەوە یان بەهۆی لێکدانەوەی زمانەوانی ناوە مێژووییەکان کە بەهەڵە تۆمارکراوە یا لێکدراوەتەوە.. کە دووبارە ئێمە لەم سەردەمەش سوودی لێ وەردەگرینەوە وەك زاراوەیەکی کوردی بۆ نموونە (دوین) یان (دەوین) بەمانای وەکو (دەو) دەو+ین کە بەعەرەبیەکەی بە (باب دوین) هاتووە (باب) بەعەرەبی دەرگا..جێگای هاتووچۆی سنووری دوو دیو.. ئەم دیوو ئەم دیوو- (دیو+ ئار) دیوار دەوین لەسەر شێوەی (بەفرین) وەکو بەفر دەوین وەك دەو کە بەعەرەبی بەمانای (سوغر) بەمانای (دەم) دەو دێت سوغری سنووری یان (سوغور الّسلام) بە (س) خوشکی(تا) بەزمانی عەرەبی کە پیتێکە لە کوردیدا نیە (پ) داشێکی سێ خاڵ لەسەر ، یان (خلیفان) کە ووشەکە لەلا ئەمین زەکی بەگ لە ئەل دوەل وە ئەل ئیمارات ئەل کوردیە نووسراوە (کالیفان) کە ووشەکە لەرەسەندا (گالیڤان) لە گەلیڤانەوە هاتووە بەمانای پاسەوانی دەرگای (گەلی) کەیاقوت حەمەوی دەڵێ خەڵکی (باڵەکان) حەفتا پیاوی زەرزاری لێ بوو پاسەوانی دەرگای گەلیان دەکرد لەلای رۆژهەڵاتیەوە کە نامەی تایبەتیان بۆمەلیکەکانی میسر دەنارد کە لەوکاتەدا مەلیکەکانی میسر (زەرزاری) بوون کە هۆزی

سەلاحەدینی هەزبانی رەوەندە .. ئێمە لێرەدا لاپەڕەیەکی مێژوویی دەدۆزێتەوە ئەویش پەیوەندی ئەیوبیەکانە بەهۆزەکانیانەوە وە ووشەی (دوین) دەوین کە سنووری ئازەربیجانە بەگوێرەی نەخشەی کۆنی ئازەربێجان لەسەر هێڵی 36ر5×44 کە شوێنی سەلاحەدین دەسەلمێنێ کە دەڵێ خەڵکی (دوێنن) لە (ئاخر ئەعمالی ئازەربێجانە) (بەلای رۆمەوە).. واتا بەلای رۆمی بێزەنتی (1) کە ئێستاکە خانە لەسەر سنووری ئێران کە سەر بەئازەربێجانی غەربیە ئاخر ئەعمالی واتا کارگێری ئێرانە یان ئازەربیجان بەلای رۆمەوە.. لێرەدا سنوورەکە دەدۆزینەوە کە چیای دوینە تا ئێستاش دیواری سنووری لەسەرەو کێڵی سنووری لێدۆزرایەوە لەمەکردانی تەك دوین. کێڵەکەش ئێستا لەدەستگای شوێنەوارە ...... لێرەدا کۆتایی بە نموونەکەمان دەهێنین و دەرفەت بەسەدان بەڵگە بهێنینەوە چۆن (ئیتمولۆژیا) وەك راستیەك چۆن دەبێتە راستکردنەوەی مێژووی کورد کە یاقوت ئەل حەمەوی شێوانکاری لەشوێنی (دوین) کردوە بردویەتیە ئەرمێنیا کە هیچ ئاماژەیەك لەلایەن کاتیەکانی سەلاحەدین نیە بڵێین (دوین) لە ئەرمێنیا بێت کە دەڵێ پشت بەوان ببەستین کە دوین لەسەر سنووری ئازەربیجانە بەلای رۆمەوە. بەم جۆرەش دەتوانین زۆر شوێنەوارو مێژووی دیکە بەهۆی زانیاریەکانی (ئەنترۆپۆلۆژی) راست کەینەوە وەك دەبێ (زەرزاریو رەوەندو هەزبانی) لە (دوین) هەبن وەك لەهەولێر وا هەیە بەڵام لە (دبیل) ی ئەرمێنیا تەنیا ئەرمەنی لەدەوروبەری (دبیل) هەیە.. بابگەرێینەوە سەر رووداوەکانی مێژووی و سەیری بابانەکان بکەین چۆن یەکتریان لەناو دەبرد چونکە بەشێکیان هانایان دەبرد بۆ بەغداو عوسمانی و بەشێکی دیکەش پاشاکانی بابان هانایان بۆ سەفەوی حکومەتەکانی ئێرانی دەبرد یان جەنگی ناکۆکی نێوان پاشای گەورەو ئیمارەتی بادینان و لێدانی ئیزیدیەکان.. ولاوازبوونی کورد و باڵا دەستی عوسمانیەکان و پاشان لەناوبردنی هەموو ئیمارەتە کوردیەکانی یەك لەدوای یەك تا دەگاتە ئیمارەتی بابان و ئەردەڵان بۆیێ دەبێ کورد جۆرێك هام ئاهەنگی لەنێویانا هەبێت لەکاتی تەنگانە کەشارەزای بەشەکانی دیکەی کوردستان و داگیرکەرەکانی گورجی کوشندە لەکاتووساتی خۆیدا لەدوژمنی هەمیشەیی دەوەشێنن بەڵێ کاتێ دوژمن بە هەر ناوێك داوا دەکات کەوا دەست لەکاری ناوخۆی ئەوان وەرنەدەین بەڵام لەهەمانکاتدا بۆ چەند کەسێکی سەر بە ئەو دەست لەکاتی ناوخۆی بەشە رزگارکراوەکەی کوردستانیش وەردەدا.. بۆیێ بەهۆی یاسای نێو دەوڵەتی و رژێمی و فیدراڵی لەهەمان کاتیشدا بەهۆی بەشێك لەهاوو وولاتیانی نێو ئەو داگیرکەرە.. بەزیرەکانە – کورد پشتی مانەوەو بەردەوامی بەهێزتر دەبێ کە ئەو مێژووانە دووبارە دەکەینەوە کە کورد یەك پارچە بوو وەك سەردەمی میدیاو گوتی و کاردۆخی و هوریەکان. هەروەها سیاسەتی کورد لەسەردەمی سەلاحەدین. لێرەدا ئێمە یەکسەر دەبێ لەم سەردەمە نزیکانەش سوود لەشۆڕشەکانی کورد و چۆنیەتی لەناوچوونیان وەرگرین کە بۆ کۆماری مەهاباد لەناوچوو چۆن شۆڕشەکانی بارزان سەر نەدەکەوتن یان لەناو دەبردرا.. تا دەگاتە شۆڕشی ئەیلول و کێشەی ساردی نێوان رووسیاو ئەمەریکاو ...ئێستاکەش ئەزموونی راپەرین و دۆستایەتی کوردو ئەمەریکا سەردانە سەرکەتووەکەی بارزانی بۆ ئەوروپا و زامن کردنی دەوڵەتانە ئەوروپا بۆ پشتگیری کردنی مافەکانی کوردو بەردەوامبوونی لەپاراستنی دەسکەوتەکانی لەعێراق و هەروەها بەدیارخستنی مافەکانی کورد لەو دەوڵەتانەی پارچەکانی کوردستانیان لەژێر دەستەو مافەکانی کوردیان پێشێل کردووە ئەوەشمان لەبیر نەچێت کەوا وولاتانی پێشکەوتوو ئاشتی و دیموکراسی خواز هام ئاهەنگی لەپاراستنی مافی مرۆڤ و مافی گەلان لەجیهاندا دەکەن کە کورد یەکێکە لەوگەلانەی کەوا تاکو ئێستاکە کیانێکی دیارو سەربەستی نیە لەنێو گەلانی جیهان. بۆیێ دووبارەی دەکەینەوە سوود وەرگرتن لەم ئەزموونانە و لەو مێژوو دووردرێژە ... موعادەلەیەك دروست دەکات.. کە ئێستاکە سەرکردایەتی پڕ ئەزموونی کورد پیادەی دەکات کە لەم بارودۆخەدا هەموو جیهان دەبێ بکەین بە دۆستی خۆمان... دوور لەباری پەت پەتێنێ.